هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە
C4JR

ژمارە ١٢
ئەیلول ٢٠٢٥

## دوانزەیەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

# یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە، بە بەردەوامی هەواڵنامە بڵاو دەکاتەوە بە مەبەستی هاوبەشکردنی زانیاریی درووست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. هەروەها بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنیدا بەشدارن دەخاتە ڕوو. ئەمەش بەمەبەستی بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## نوێترین هەواڵەکان لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایان گەیاند بڕیاری قەرەبوو بۆ ٢،٢١٦ سوودمەند لە ڕزگاربووانی دەستی داعش لەچوارچێوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا لە مانگی ئابدا خەرج کراوە. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە لە پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبووک ببینن: tinyurl.com/yptfc26z

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

#### نوێکارییە گرنگەکان

بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەی ڕزگاربووان بۆ خوێندن

ڕۆژی ٧ی ئاب، خاتوو سەراب ئەلیاس، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان لەگەڵ شاندێک لە ژنانی ڕزگاربوو سەردانی (وەزارەتی پەروەردە)ی بەغدای کرد. لە کۆبوونەوەکەدا پێشنیار کرا یەکەیەکی کارگێڕیی تایبەت بۆ بەدواداچوون بۆ پێداویستی و گرفتەکانی ڕزگاربووان دابمەزرێنرێت، هەروەها ئەو تاوانانەش کە بەرانبەر ڕزگاربووان ئەنجام دراون بخرێنە ناو پرۆگرامەکانی وەزارەتەکەوە. bit.ly/3IBXWgS



بەغدا: کۆبوونەوەی نێوان وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان بۆ ڕێککەوتن لەسەر ڕێوشوێنی نوێ بۆ پاڵپشتی گەڕانەوەی ڕزگاربووان بۆ قوتابخانە. وێنە: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان



وەزارەتی کار و دادگای لێکۆڵینەوەی ئەلقوش بە هاوکاری لەگەڵ کونسوڵخانەی عێراق لە فرانکفۆرت لە دوورەوە ئیفادەی ڕزگاربووانی ئێزیدی تۆمار دەکات.
وێنە: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان

ڕێکارەکانی شایەتیدان لە دوورەوە بەردەوامن بۆ هەموو داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە دەرەوەی وڵات.

بەڕێوەبەرایەتییەکە بە هاوکاریی دادگای لێکۆڵینەوەی ئەلقوش و بە هەماهەنگی لەگەڵ کونسوڵخانەی عێراق لە فرانکفۆرت، بەردەوامە لە تۆمارکردنی لێدوانی ئەو ڕزگاربووە ئێزدییانەی لە ئەڵمانیا نیشتەجێن، ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ ئەو ڕزگاربووانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین تا بتوانن داواکاری پێشکەشی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بکەن. بەڕێوەبەری گشتی ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستا تۆمارکردنی لێدوانەکان لە ڕێگەی باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانی عێراقەوە لە هەموو وڵاتێک ڕێکارێکی پەسەندکراوە. بەڵام هیچ وردەکارییەکی زیاتر سەبارەت بەوەی ڕزگاربووان چۆن بتوانن لە شوێنەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا و فەرەنسا سوود لەم جۆرە خزمەتگوزارییانە وەربگرن، نەخراوەتەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر لە ڕێی ئەم بەستەرەوە سەردانی پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە بکە: bit.ly/4nhZETK

## هەواڵی پەیوەندیدار



▪ لە مانگی تەممووزدا سندووقی رزگاربووانی جیهانی راپۆرتی کاریگەرییەکانی لەژێر ناونیشانی "پرۆژەی رێوشوێنی قەرەبووکردنەوەی کاتی لەگەڵ رزگاربووانی دیلەکانی داعش" بڵاو کردەوە. راپۆرتەکە لە کاریگەرییەکانی پرۆژەی رێوشوێنی قەرەبووکردنەوەی کاتیی سندووقی رزگاربووانی جیهانی دەکۆڵێتەوە، کە قەرەبووکردنەوەی کاتیی بۆ 1042 رزگاربوو دابین کردووە، لەنێویاندا قەرەبووکردنەوەی دارایی، هەروەها دروستکردنی مۆنۆمێنتێک و باخچەیەک لە شەنگال وەک قەرەبووکردنەوەی کاتیی بەکۆمەڵ. درێژەی بابەت: bit.ly/424wsY6




▪ لە مانگی نیساندا، سندووقی جیهانیی رزگاربووان، رێکخراوی یەزدا، هەروەها رێکخراوی جیهانیی فەریدە راپۆرتێکیان بڵاو کردەوە لە ژێر ناونیشانی "دەستڕاگەیشتن بە خوێندن وەک جۆرێک لە قەرەبووکردنەوەی دیلە رزگاربووەکانی دەستی داعش لە عێراق". راپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو بەربەستانەی رزگاربووان لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن وەک قەرەبووکردنەوە رووبەڕوویان دەبنەوە، هەروەها باس لە پێداویستییەکانیان و ئەو چارەسەرانەی دەشێت بەردەست بن دەکات، هەروەها پێشنیاری بەشداریی چالاکانەی رزگاربووان دەکات لە دارشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوەدا، لەوانەش پەروەردە. درێژەی بابەت: bit.ly/4pHlUZ6

▪ ·بەرپرسانی عێراق بە هاوکاریی دەزگای شەهیدان و بەڕێوەبەرایەتیی گۆڕە بەکۆمەڵەکان قۆناغی یەکەمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی (خەسفە)یان دەست پێ کردووە. خەسفە یەکێکە لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی داعش بۆ ناشتنی تەرمی قوربانییەکانی لە کاتی داگیرکردنی موسڵ بەکاری هێناوە. درێژەی بابەت: tinyurl.com/y7jhkt79




▪ لە مانگی ئابدا، رێکخراوی یەزدا راپۆرتێکی بەناونیشانی "جێبەجێکردنی یاسای رزگاربووانی ئێزیدی: پێداچوونەوەیەک لەلایەن رزگاربووانی ئێزیدییەوە و بۆ رزگاربووانی ئێزدی" بڵاوکردەوە. بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندنەکانی رزگاربووان خۆیان، راپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر هەردوو پێشکەوتن و ئاڵنگارییە بەردەوامەکان. لە کاتێکدا زۆرێک لە رزگاربووان قەرەبووی دارایی و دانپێدانانی فەرمییان بە تاوانەکانی داعش وەرگرتووە، بەڵام پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری هێشتا درێژ و گران و سەختە بۆ تێگەیشتن. 60%ی ئەو رزگاربووانەی کە بەشدارییان لە راپرسییەکەدا کردووە گوتوویانە کە کێشەیان لە گەشتکردندا هەبووە و 45%یشیان کێشەیان لەگەڵ زۆریی ئەو بەڵگەنامانەدا هەبووە کە داوا کراون. هەروەها رزگاربووان جەختیان لە هەندێک کاری لەپێشینەی تر کرد کە لە دەرەوەی قەرەبووکردنەوەن، وەک هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، گەڕان بەدوای کەسانی ونبوو و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال. درێژەی بابەت: tinyurl.com/ypy42f8d



بەغدا: سەرۆکی پەرلەمان د. مەحمود ئەلمەشهەدانی لەگەڵ سەراب ئێلیاس بەڕێوەبەری گشتی کاروباری رزگاربووان و شاندێکی رزگاربووان کۆدەبێتەوە. وێنە: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری رزگاربووان

▪ لە مانگی ئابدا، بەڕێوەبەری گشتی و وەفدێکی رزگاربووان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دکتۆر مەحمود ئەلمەشهەدانی، لە بەغدا کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی دەرکردنی یاسایەک سەبارەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان، سەرەڕای ئەو یاسا تایبەتانەی هاوتەریبن لەگەڵ پابەندبوونی دەستووری عێراق بەرانبەر بە قوربانیانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی. بەڕێوەبەری گشتی پێشنیاری گەڵاڵەکردنی یاسایەکی کرد کە پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق بپارێزێت. درێژەی بابەت: tinyurl.com/57cdhptc



ڕێکخستنی گفتوگۆیەکی کراوە لەلایەن دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەیلولی ٢٠٢٥، بەغداد. وێنە: دەزگای ژیان

▪ دەزگای ژیان بە هەماهەنگیی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق و بە پاڵپشتیی فەرمانگەی دەرەوەی حکومەتی فیدراڵیی ئەڵمانیا، لە بەغدا میوانداریی پانێڵێکی کرد بە ناونیشانی "بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی عێراق بۆ پشتگیریکردنی منداڵانی پەیوەست بە ململانێی چەکداری: بەدیهێنانی مافی ڕاهێنانەوەی ڕزگاربووانی نێر لە تاوانەکانی داعش." لە پانێڵەکەدا تیشک خرایە سەر گرنگی ڕاهێنانەوەی گشتگیرانەی ڕزگاربووانی نێر، لەوانەش دابینکردنی پاڵپشتیی دەروونی-کۆمەڵایەتی، پەروەردە بۆیان، بەهێزکردنی ئابووریيان، هەروەها جێبەجێکردنی تەواوەتی سەرجەم ئەو ڕێوشوێنە چاکسازییانەی بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی گەرەنتی کراون. درێژەی بابەت: tinyurl.com/4d88w3jp



ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، ئابی ٢٠٢٥، لە مۆنیۆمێنتی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، سۆلاغ، شنگال. وێنە: ئێزیدی24

▪ ە یادی یازدەهەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا، لە 3ی ئابدا کۆمەڵگەی مەدەنی ئێزیدییەکان یادکردنەوەیەکی لە بیرگەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە سۆلاغی سەر بە شەنگال ڕێکخست بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیان و دووپاتکردنەوەی پابەندبوونیان بەهێنانەدی دادپەروەری. لە چالاکییەکەدا ڕزگابووان داواکاریيان ئاڕاستەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد. داواکارییەکان ئەمانەیان تێدا بوو: کردنەوەی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ لێپێچینەوە لە تیرۆریستانی داعش، دەرکردنی ئەندامانی داعش لە یاسای لێبوردنی گشتی، گەڕان بەدوای کەسانی ونبوو و ئاوەدانکردنەوەی شنگال.
درێژەی بابەت: ezidi24.com/?p=41981




بەغدا: ڕێکخستنی وۆرکشۆپێک لەلایەن سەنتەری نیشتمانی هاوکاریی دادوەری نێودەوڵەتی بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان ڕێکخرابوو، ٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٥.
وێنە: میدیای ئەنجومەنی باڵای دادوەری.

▪ ڕۆژی ٨ی ئەیلوول، سەنتەری نیشتمانی بۆ هاوکاریی دادوەریی نێودەوڵەتی (NCIJC)، بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ/لقی عێراق، هەروەها بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتییەکە، وۆرکشۆپێکی ڕێکخست بە ناونیشانی "ڕێگەکانی جێبەجێکردنی پراکتیزەی تایبەت بە ڕزگاربووانی مێینە وەک مۆدێلێک بۆ لێپرسینەوە لەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە لە دژی کۆمەڵگەی ئێزیدی و کەمینەکانی دیکەی عێراق ئەنجام دراون." لە وۆرکشۆپەکەدا جەخت لەسەر گرنگی هێنانە ناوەوەی دەنگی قوربانییەکان لە پرۆسەی دادپەروەری و لێپرسینەوەدا کرایەوە. لێرەوە زیاتر دەربارەی چالاکییەکە بخوێنەرەوە: www.sjc.iq/view.77410



ناوەندی نیشتمانی بۆ هاوکاریی دادوەری نێودەوڵەتی یادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەکاتەوە، ئابی ٢٠٢٥، بەغدا.
وێنە: میدیای ئەنجومەنی باڵای دادوەری.

## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

▮ لە ٢٠ی ئابدا، سەنتەری نیشتمانی بۆ هاوکاریی دادوەریی نێودەوڵەتی کۆنفرانسێکی بۆ یادی یازدەهەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە بەغدا ڕاگەیاند. لە کۆنفرانسەکەدا دادوەر دکتۆر فایق زیدان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری؛ دادوەر عەلی حسێن جەفات، سەرۆکی سەنتەری نیشتمانی بۆ هاریکاریی دادوەریی نێودەوڵەتی، سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لە بەغدا، بەڕێوەبەری گشتی خاتوو سەراب ئەلیاس ئامادە بوون. سەنتەری نیشتمانی بۆ هاوکاریی دادوەریی نێودەوڵەتی داوای لە نوێنەرانی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان کرد کە پابەندبوونیان بە هێنانەدی دادپەروەری بۆ قوربانیانی جینۆسایدی ئێزیدی دووپات بکەنەوە، هەروەها داوای هاوکاریی دادوەریی نێودەوڵەتی بەهێزتریشی کرد. سەنتەرەکە پرۆژەی خزمەتگوزاری یادەوەری عێراقی ڕاگەیاند، کە تاوانەکانی داعش دۆکۆمێنت دەکات. www.sjc.iq/ncijcen.77268

▮ لە مانگی ئاياردا دادگای باڵای فەڕەنسا بڕیاری دا بە چاوخشاندنەوە بەو تۆمەتانەی خرابوونە پاڵ سۆنیا مێجری، کە هاووڵاتییەکی فەڕەنساییە و ئەندامی داعشە، تۆمەتەکانیش تۆمەتی جینۆساید بوون و بەهۆی ئەو تاوانانەوە هاتبوونە سەری کە بەرانبەر قوربانییەکی ئێزیدی ئەنجامی دابوون. ئێستا دۆسیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژوورێکی تازە پێکهێنراو بە ناوی (ژووری ڕێنمایی) بۆ ئەوەی دووبارە لێکۆڵینەوە بکات لەگەڵ تۆمەتبارەکە کە ئەگەر هەیە بەشداریی جینۆسایدی کردبێت. لێرەوە وردەکاریی زیاتری دۆسیەکە بخوێنەرەوە: tinyurl.com/4nnkp726

بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگیەکاندا،
هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانەپاڵپشتیی یاسایی
پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانیان
لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا.
ئەگەر خۆت یان کەسێک دەناسیت پێویستی بە پشتگیری یاسایی هەبێت،
تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

**هاریکاریی یاسایی**

+9647508516311 legalaid@c4jr.org

## ئاستەنگەکان

لە هەر ژمارەیەکی هەواڵنامەکەماندا تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاستەنگە سەرەکیانەی کە ڕزگاربووان لە پرۆسەی دەستڕاگەیشتنیان بە مافەکانیان لەچوارچێوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. لەم ژمارەیەدا، سەرنج دەخەینە سەر دەستڕاگەیشتن بە خوێندن لەلایەن ڕزگاربووانەوە، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لەو زانیارییانەی لەم دوو ڕاپۆرتەوە دەستمان کەوتوون: ڕاپۆرتی سندووقی جیهانیی ڕزگاربووان و ڕێکخراوی یەزدا و ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە بە ناونیشانی "دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە وەک جۆرێک لە قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕزگاربووانەی دیلی دەستی داعش بوون لە عێراق" هەروەها زانیارییەکانی ڕاپۆرتی (دەزگای ژیان) بە ناونیشانی "خستنەڕووی بژاردە پراکتیکییەکان بۆ باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی لە عێراق، چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی ئەو منداڵانەی پەیوەستن بە هێزە و گرووپە چەکدارەکانەوە و خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکانیشیان."

هەردوو ڕاپۆرتەکە ئاشکرای دەکەن کە ڕزگاربووان بەردەوام ڕووبەڕووبووی ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە مافی خوێندن وەک جۆرێک لە قەرەبووکردنەوە. دوای گەڕانەوەیان، بەهۆی مەرجی تەمەنەوە، کە لە یاسای عێراقدا هاتووە، نەیانتوانیوە بچنەوە بەر خوێندن. جگە لەوەش، لەدەستدانی تۆمارە ئەکادیمی و بەڵگەنامە یاساییەکان بووەتە هۆی دواکەوتنی پرۆسەی دووبارە ناونوسکردن و دەستکردنەوەیان بە خوێندن. گرفتە دەروونییەکان، بۆ نموونە وەک تەنگژەی پاش زەبری دەروونی، فلاشباک و خۆئارامکردنەوە دەکرێت ببنە هۆکاری وروژاندنەوەی ئازارەکان و بەربەستن لەبەردەم ڕزگاربووان و بەشداریکردنی چالاکانەیان و سەرنجدانیان لەناو پۆل و فەزاکانی فێربووندا. جگە لەوەش، ئەو ڕزگاربووانەی کە دەگەڕێنەوە قوتابخانە گۆشەگیرن و هەست دەکەن لەکەیەکی کۆمەڵایەتی دراوەتە پاڵیان بەهۆی ئەوەی لەلایەن مامۆستایان و هاوتەمەنەکانیانەوە تەنیا وەک "ڕزگابوو" مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ئەو ناسنامەیە دراوە پاڵیان.

هەردوو ڕاپۆرتی سندووقی جیهانیی ڕزگاربووان و دەزگای ژیان دەریان خستووە کە پێداویستییە پەروەردەییەکانی ڕزگاربووان بەپێی پێویست دابین نەکراون و پێشنیاری پەیڕەوکردنی فێربوونی خۆئاڕاستەکراو دەکەن وەک شێوازێکی سەرەکی. ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ، لە هەمان کاتدا دابینکردنی پشتگیرییەکی نافەرمیی گشتگیر بۆ ڕزگاربووان، ڕێگەیەکی پەسەندکراوە بۆ یارمەتیدانی ڕزگاربووان تا دەست بە خوێندن بکەنەوە. لە ڕاپۆرتی دەزگای ژیاندا پێشنیاری ئەوە کراوە کە حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری لەو دەستپێشخەرییە پەروەردەییە بکەن کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە ڕاگەیەندراوە. ئەم دەستپێشخەرییانە پێویستە پرۆگرامی خوێندنی تایبەتمەند لەخۆ بگرن و تێیاندا پێداویستییە "تایبەتی"یەکانی ڕزگاربووان لەبەرچاو بگیرێن و هەم ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ڕابردوویان بن و هەم بارودۆخی ئێستاشیان.

بە دووبارەکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیار دەکات پشتگیریی پەروەردەیی لە چوارچێوەی مۆدێلێکی فراوانتر و گشتگیری ڕاهێنانەوەدا جێگیر بکرێت کە ئامانج لێی جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییە. دەتوانرێت ئەمە بەدەست بهێنرێت لەڕێگەی زیادکردنی پشتگیریی پەروەردەیی بۆ سەنتەرەکانی ڕاهێنانەوە، بۆ ئەوەی ڕزگاربووان بتوانن دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان بگات، لەوانەش خزمەتگوزاریی پشتگیریکردنیان لە خوێندندا لەڕێگەی ئامادەکردنیانەوە بۆ تاقیکردنەوەکان، پشتگیریی تەندروستیی دەروونی و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی-دەروونی، پشتگیریی پزیشکی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، پیشەیی، هاوکاریی کۆمەڵگە و خێزان بۆ کەمکردنەوەی لەکە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتیدانی ڕزگاربووان تا بتوانن بەسەر زەبرە دەروونییەکانیاندا زاڵ ببن.

## بابەتەکانی دواتری ناو هەواڵنامەکە

لەم دواییانەدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR ڕاهێنانێکی ڕێکخست سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ڕاپرسییە نوێیەکەمان کە تایبەت بوو بە زانینی ڕادەی ڕازیبوونی ڕزگاربووان لەو قەرەبووە داراییەی بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆیان دابین کراوە. ئەم ڕاپرسییە ئامانجیەتی کاریگەرییەکانی ئەم قەرەبووە داراییە لەسەر ژیانی ڕزگاربووان و خۆشگوزەرانیی گشتییان هەڵبسەنگێنێت، هەروەها ئەو بوارانەش دەستنیشان بکات کە دەتوانرێت تێیاندا ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە باشتر بکرێن. هەواڵی تایبەت بە بەرەوپێشچوونەکانی ڕاپرسییەکە و دەرئەنجامەکانیشی لە هەواڵنامەکانی داهاتوودا بڵاو دەکرێنەوە. چاوەڕوانی زانیاریی زیاتر بن!

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ سەر بە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەیت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندارون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمان و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەمەشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: tinyurl.com/53xtt4zv
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیایی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: tinyurl.com/3rrfdhf2

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت
. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بێت: tinyurl.com/5b567sp7

## دەربارەی ئێمە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٤ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەرە گونجاوەکان، هەروەها بۆ بەشدارییپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان لەپێناو دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

www.c4jr.org
info@c4jr.org
/C4JRorg